# ٢٥ ـ سنجوقين ( رەگ رەگانی )

سنجوق : داریکی ( بناو * ) ـە وەکوو دار گەز یا بەزو ... هتد . بە ئەستورایی پەنجەو دریژاییەکەشی دوو بست ئەبێ ، سەریکی تیژ ئەکرێ بۆ ئەوەی کە ئەی‌کوتن بەزەوی‌دا بچەقێ .

ئەم یاری‌یە لە بەینی ( ٢ ـ ٧ ) منداڵ ئەکرێ لە تەمەنی (٦ ـ ١٢ ) ساڵی‌دا ، هەر یەکە لە منداڵەکان قامکە سنجوقیك بە دەستیەوە ئەگرێ کە بۆ یاری بچیت .

منداڵەکان هەموو لە سەر زەوییکی نەرمدا کو ئەبنەوە بۆ یاری ، یەکێکیان سنجوقیکی خۆی لە سەر زەویدا ئەچەقێنێ ئەوانەی تریش یەکە یەکە سنجوقەکانی خویان ئەکوتن بە زەویدا لە تەك سنجوقەکەی یەکەم ئەی چەقینن . ئەگەر لە هەر جیگایێك سنجوقیك لە سنجوقەکەی یەکەمدا خشابێ ، یا لە هەر سنجوقیکی‌ترا ئەوەی کە لە گەڵ لیدانیشدا بکەوێ پیویستە خاوەنەکانیان سنجوقیك بدەنە ئەو منداڵەی کە خستویەتی ، یا لی‌ی خشاندووە بەم جۆرە هەر یەکە سنجوقێ لە خاوەنەکانیان وەر ئەگرێ . کە هەموو منداڵەکان سنجوقەکانیان ئەچەقینن ، منداڵەکەی یەکەجار سنجوقەکەی هەڵ ئەکیشێ‌و لە تەك سنجوقەکانی تردا ئەی دات

---

(*) داری سەنگین لە سەر رووی ئاو دابنریت ئەوبنە زیریەوە .

به زەوی‌دا ، چەند سنجوقي لەگەڵ كوتاني سنجوقي خويدا خست يا بە چەنديكيانەوە نووسابوو هەر يەكە سنجوقي لە خاوەنەكانيان وەر ئەگرێ . بەم چەشنە منداڵی دووەم‌و سێ‌یەم‌و چوارەميش ... جا چەند منداڵی هەبێ يەكە يەكە سنجوقەكانی خويان هەڵ ئەكيشن‌و لە تەك ئەواني تردا ئەی دەن بە زەوی‌دا .

تا لە ياری تير ئەبن ، جا هەر منداڵێك كە هەموو سنجوقەكانی دۆڕاندبێ بە دڵ ساردی لە ياری‌يەكە دەرئەچی ، يا بە هيلكە لێ‌يان ئەكڕێتەوە ، ئەوەی كە سنجوقيكی زۆريشی بردبێتەوە هەمووی ئەباتە ماڵەوە ، يا بە هيلكە ئەيان فرۆشێتەوە

❈❈❈❈